# بانگەواز بۆ خۆپیشاندان لە شاری کۆپنهاگن

وەکو ئاگادارن، بڕیار وایە لە 21 ئۆگستدا دادگایی دیکتاتۆر سەدام حوسێن و هاوکارانی سەبارەت بە تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال بکرێت. دادگاییکردنی سەدامی دیکتاتۆر و هاوکارە تاوانبارەکانی دیکە، گرنگیەکی مێژوویی و تایبەتی بۆ ئێمەی کورد وەکو گەلی قوربانی هەیە. ئەگەرچی دادگا و دادگاییکردنەکە لە ئاستی داخوازیەکانی گەلی کورد دا نییە، بەڵام گرنگە ئەو دەرفەتە بقۆزینەوە و هەموومان بە یەکەوە و یەک دەنگ لەو رۆژەدا کۆببینەوە، بۆئەوەی:

- ئەو تاوانبارانە و هەموو ئەوانەی بەشداریان لە تاوانی ژینۆسایدی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستاندا کردووە ڕیسوا بکەین
- داوای دادگاییەکی ڕەوا بکەین
- داوای ئاشکراکردنی ڕاستیە شاراوەکان بکەین
- داوای ناساندنی هێرشەکانی ئەنفال و کیمابارانی گەلی کورد وەکو تاوانی ژینۆساید بکەین
- داوای قەرەبووی خێزانە بەرکەوتووەکان بکەین
- داوای چارەسەری کەسە نەخۆشەکان و دەرهاویشتە نەگەتیڤەکانی ژینۆسایدی ئەنفال لەسەر قوربانیان بکەین
- داوای گواستنەوەی بەشێک لە دادگاییکردنەکە بۆ کوردستان، بەتایبەتی داداگییکردنی عەلی کیمیاوی لە هەڵەبجە بکەین
- داوا بکەین، دەولەتی ئێراق بەفەرمی داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکات.

وەکو کوردستانی و بۆ سەلماندنی دلسۆزیمان بۆ پیشاندانی کەمترین هاوکاری بۆ قوربانیانی ژینۆسایدی ئەنفال بەتایبەتی و گەلی کورد بەگشتی، لەسەرمانە لەو رۆژەدا لەبەردەم **شارەوانی کۆپنهاگن** کۆببینەووە و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی خەڵکی کوردستان بە خەلکی دانیمارک و جیهان پیشان بدەین.

بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی سەرپەرشتی خۆپیشاندان داوا لە هەموو پارت و ڕێکخراوە کوردستانیاکان، هەروەها کەسایەتیە نیشتیمانپەروەر و هەموو مرۆڤێکی کوردستانی و دڵسۆز دەکەین کە بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن و بەردەم شارەوانی کۆپنهاگن بوروژێنین، لە ڕێگای خۆپیشاندان و میدیاکانەوە هاواری قوربانیەکان بگەیەنینە خەڵکی دانیمارک و جیهان.

شوێنی کۆبوونەوە: Rådhuspladsen
کات: کاتژمێر 16.00

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم تەلەفۆنانەوە بکەن:
گۆران: 28121223
قاسم: 40369448
نەوزاد: 28449544

بۆئاگاداری: ئەگەر دادگاییەکە دوابخرێت، خۆپێشاندانەکەمان دوادەخەین.

کۆمیتەی سەرپەرشتی خۆپێشاندان

تێبینی:
کۆمیتەی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکە پێکهاتووە لە:
ناوەندی چاک
کۆمیتەی هاوکاری پارتە کوردستانیەکان لە دانیمارک

دەرگا بۆ بەشداری هەر گروپ و ڕێکخراوێکی دیکە لەم کۆمیتەیە کراوەیە